# بەهارات؛ تامی تاڵی ڕێگەیەک بۆ عێراق!

13-09-2023

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە** : راگەیاندنی کۆریدۆری بەهارات، دەتوانێت گورزێکی کاریگەر بێت لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق کە سوودانی خەونی بەستنەوەی ئاسیا و ئەوروپای لەسەر هەڵچنی بوو. راستییەکەی، پڕۆژە گەورە ژێرخانییەکانی جیهان چەندێک ئابووری بن، ئەوەندەش سیاسین و، رەنگە ئەمەش هۆکارێک بووبێت کە وایکردبێ، عێراق لە دەرەوەی بازنەی پڕۆژە نوێیەکەی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپاوە بێت کە لە دوایین کۆبوونەوەی G20دا راگەیێندرا.

بەرایی

ڕاگەیاندنی کۆریدۆری بەهارات، دەتوانێت گورزێکی کاریگەر بێت لە پڕۆژەی ڕێگەی گەشەپێدانی عێراق کە سوودانی خەونی بەستنەوەی ئاسیا و ئەوروپای لەسەر هەڵچنی بوو. ڕاستییەکەی، پڕۆژە گەورە ژێرخانییەکانی جیهان چەندێک ئابووری بن، ئەوەندەش سیاسین و، ڕەنگە ئەمەش هۆکارێک بووبێت کە وایکردبێ، عێراق لە دەرەوەی بازنەی پڕۆژە نوێیەکەی بەستنەوەی ئاسیا بە ئەوروپاوە بێت کە لە دوایین کۆبوونەوەی G20دا ڕاگەیێندرا.

## ڕێگەی بەهارات

هەریەک لە وڵاتانی هیندستان، سعودیە، ئیمارات، ئوردن، ئیسرائیل، ئیتاڵیا و فەرەنسا بە پاڵپشتیی ئەمریکا ڕێککەوتوون تاوەکو نزیکەی دوو مانگی دیکە بە کردەوە پلانی کارکردن لەسەر ڕێگەی بەهارات دابنێن کە لە دوو بەش پێکدێت. کۆریدۆری ئابووریی هیندستان- ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست- ئەوروپا(بەهارات) لە سەرەتا هیندستان و وڵاتانی خەلیج بە یەک دەبەستێتەوە کە ئەمە بەشی ڕۆژهەڵاتەکەیەتی و دواتریش، لە بەشی دووەمدا کە بەشی باکوورە، بە سعودیە و ئوردندا دەڕواتە بەندەری حەیفا لە ئیسرائیل و لەوێشەوە، لە ڕێگەی ئاوییەوە بەرەو ئەوروپا مل دەنێت.

بە بەراورد بە دەستپێشخەرییەکەی چین بۆ ڕێگەی ئاوریشمی نوێ- Belt and Road Initiative - کە تائێستا 149 وڵات تێیدا بەشدارن، ژمارەی وڵاتانی بەشدار لە ڕێگەی بەهارات کەمن، بەڵام ئابووری و ئاسایشەکەیان بەهێزترە. کۆی ئابووریی 8 وڵاتەکەی ڕێگەی بەهارات بە ئەمریکاشەوە، سەرووی 42 تریلیۆن دۆلارە لە 105 تریلیۆن دۆلارەکەی ئابووریی هەموو جیهان. ئەمە بێجگە لەوەی کە لەڕووی سەربازییەوە هەندێکیان ئەندامی ناتۆن یان هاوبەشی ئەو ڕێکخراوەن و ئەمریکاش وەک گەورە هێزدارەکەی جیهان لەپشتیانە. هەرچەندە هەریەک لە سعودیە، ئیمارات و ئیتاڵیا لە پڕۆژەکەی چینیشدا بەشدارن، بەڵام بە ناوەندبوونی هیندستان لە پڕۆژەی بەهارات کە ڕکابەرێکی چینە، هەروەها پاڵپشتیی ئەمریکاش لە پڕۆژەکە، لەگەڵ ئەگەری کشانەوەی ئیتاڵیا لە پڕۆژەکەی چین، وایانکردووە کە هەندێک، ڕێگەی بەهارات وەک ئەڵتەرناتیڤێکی دەستپێشخەرییەکەی چین لە 2013 سەیر بکەن. بە تایبەت کاتێک کە ئەم پڕۆژەیە لەگەڵ ڕێککەوتنی ئابراهام لە 2020 و دامەزراندنی گرووپی I2U2 لە 2021 پێکەوە سەیر بکەین کە گرووپێکی هاوکاریی نێوان هیندستان، ئەمریکا، ئیمارات و ئیسرائیلە. ڕاستییەکەی بەهۆی تێکەڵاویی ئابووریی جیهان بە یەکتری و ڕۆڵی چین لەوەدا، ئەستەمە لانیکەم جارێ، ئەو پڕۆژەیە بتوانێت چین لە ئابووریی جیهان وەدەر بنێت، بەڵام دەتوانێت وەک فاکتەرێکی گرنگ لە باڵانسی جیۆپۆلەتیکی جیهاندا دەوری هەبێت.

## خەونی ڕێگەکان لە عێراق

عێراق لە دیسێمبەری 2015دا بووەتە وڵاتێکی ئەندام لە دەستپێشخەرییەکەی چین (BRI). لە سەردەمی مستەفا کازمیشدا پڕۆژەی شامی نوێ زیاتر لە گۆڕێ بوو کە خوازیاری تێکەڵاوییەکی زیاتری عێراق، ئوردن و میسر و گەیشتن بە ئەوروپا بوو. هەڵبەت ناسەقامگیریی نێوخۆیی و بە دیاریکراوی گرژییەکانی نێوان لایەنە شیعییەکان، باڵادەستیی دیدگای پان ئیسلامیستی شیعی بەسەر بەرژەوەندییە ئابووریی و سیاسسیەکانەوە، وایکرد کە بەخشکەیی پڕۆژەکەی مستەفا کازمی لەسەر شامی نوێ لەبیربکرێت یان لانیکەم وەک جاران گرنگی پێنەدرێت.

محەممەد شیاع سوودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراقیش دوای هاتنە سەرکار، کۆنگرەیەکی بۆ ڕێگەی گەشەپێدان ڕێکخست و نوێنەرانی چەند وڵاتێکی دراوسێی بۆ بانگکرد و دواتریش چەندین جار جەختی لەوە کردووە کە ئەو پڕۆژەیە عێراق بەڕووی جیهان دەکاتەوە و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواش بە یەک دەبەستێتەوە. بێگومان جێگرتن لە پڕۆژەیەکی گەورەی ژێرخانی کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە یەک ببەستێتەوە دەستکەوتی گەورەی ئابووری و سیاسیشی بۆ عێراق دەبێت، بەڵام دەشێ ڕاگەیاندنی کۆریدۆری بەهارات ئەو خەونەی تێکدابێت.

بەرلەوەی کۆریدۆری بەهارات رابگەیێندرێت، ئەمریکا، هیندستان، ئیسرائیل و ئیمارات لە ساڵی 2021دا گرووپی I2U2 یان دروستکرد کە لە چەندین بواری جیاجیادا هاوکاریی یەک دەکەن. لە 2020ـەوە بە ڕێککەوتنی ئابراهام کار لەسەر ئاساییکردنەوەی پەیوەندییکانی عەرەب ـ ئیسرائیل دەکرێت. بێجگە لەوە، هەریەک لە فەرەنسا و ئەمریکا ئامادەیی سەربازیی خۆیان لە کەنداو بەهێزتر کردووە، بەڵام عێراق لە کاتێکدا باسی ڕێگەی گەشەپێدان دەکرا کە دەیان گرووپی چەکداریی جیا جیا لەسەر وێستگەکانی ئەو ڕێگایە بڵاون و تەنانەت نەیتوانیوە ڕێککەوتننامەی شنگاڵ جێبەجێ بکات کە هاوشانی ئاسایشی دەشتی نەینەوا، پێداویستییەکی هەرە لەپێشی دروستکردنی ئەو ڕێگەیەن. بێجگە لەوە، نەک تەنیا هەوڵدرا بۆئەوەی بە پاساوی تەکنیکی هەرێمی کوردستان لەو پڕۆژەیە دووربخرێتەوە، بەڵکو ئەو

ئایـدیایەش بەهێزبـوو کـە عێـراق دەتـوانێت بەهـۆی پـڕۆژەی وەهـاوە هـەرێمی کوردسـتان لاوازتـر بکـات کـە بێشـک ئـەوەش واتـای ناسـەقامگیری لـە مـاوەی درێژخـایەن دەدات. بـەگشتی ناسـەقامگیرییەکانی سیسـتمی سیاسـی کـە وادەکـات لەنێـوان فیـدراڵیی و ناوەندیبووندا بێت و بڕوا، مەترسیی گەورە بۆ ئەو جۆرە پڕۆژەیە دروست دەکەن. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئەگەری ململانێی وڵاتانی ناوچەکەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر ئەم پڕۆژەیەی عێراق دابنێت.

## کۆتایی

بێگومان تەنیا هەبوونی ڕێگە و شوێن بۆ گواستنەوە بەس نییە بۆ ئەوەی وڵاتێک لە کۆریدۆرێکی نێودەوڵەتیدا جێ بگرێت، بەڵکو توانستی دابینکردنی ئاسایش و سەقامگیری شەرتێکی دیکەی ئەم کارەیە. پێدەچێت عێراقیش بە هەبوونی دیمەنی موشەکە وەخت و ناوەختەکـانی گرووپـە چەکـدارەکان، گـرژی نێـوخۆیی شیعـی، نـاکۆکیی قـووڵ لەگـەڵ هـەرێمی کوردسـتان و نـاڕوونیی داهـاتووی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا، هەروەها بەهەبوونی کۆمەڵێک پرسی چارەسەرنەکراوی سوننەکانەوە، نەبووبێتە جێگەی سەرنج بۆ زۆرێک لە لایەنەکانی کۆریدۆری بەهارات.